سەروتار



# بەگشتیبوونی یاسا، یا گونجاندنی

بەختیار حەیدەر

گریمانە دەکرێت، یاسای هەموو وڵاتان، جا ئەو یاسایانە لە ئەنجومەنی تەشریعی هەڵبژێردراو و شەرعی دەربچن، یاخود لە ئەنجومەنێک یا لایەنێک کە کاری یاسا دەرکردنە، پێویستە چارەسەری حاڵەتی گشتی بکات، یاخود بنەمای یاسایی گشتی بێت کە بەدەر لە شوێن و کات، کاری لەسەر بکرێت. نەک بەپێچەوانەوە ئەو یاسایانە بۆ هێندێک حاڵەتی تایبەت، یاخود بۆ توێژێکی تایبەت دەربچێت و حیسابی بەرژەوەندی گشتی تێدا نەکرێت.

ئەوەی دەمەوێت تێبینی بخەمە سەر ئەوەیە، کە لەوڵاتانی جیهانی سێیەم و عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەدیم کردووە، ئەو کوردستانەی خۆمان، کە بە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ناسراوە و کۆڵەگەکانی دامەزراوەیی تێدا دەچەسپێت، هێندێکجار یاسای تێدا دادەڕێژرێت کە بەرژەوەندی تاکەکەسی، یا چینێکی دیاریکراوی تێدا رەچاو دەکرێت، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ بەرژەوەندی گشتیی و پرنسیپە باڵاکان بکرێت.

لەو یاسایانەی کە هەندێکجار لە کوردستان دەردەکرێت، نزیکبینانە بە چاوێکی حزبیی تەسک تەماشای دەکرێت، نەک حیساب بۆ زەمەنی دوور و داو و دەزگاییەکەی داهاتووی کۆمەڵگاکە بکرێت.

ئەو دیاردەیە، کارگەلێکی ناشیرینە و بیرکردنەوەی لە داڕشتن و دانانی یاسا لە گۆشەنیگای تەسک و زیانگەیاندنە بەکۆی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو میللەتە و دەرەنجامی نێگەتیڤانەی پێچەوانەی بەسەر باری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی دەبێت و کار لەسەر بزاوت و ئارامی و ئاسایشەکەی دەکات، بەتایبەتیش بۆ ئەو بارە یاساییەی، کە بەم چەشنەی ئەو کۆمەڵە کەسە بیری لێ دەکەنەوە، زیانی دەبێت و جۆرە هەستکردنێکی نەگونجاو بە باری یاسایی لای هاوڵاتییان و دەزگاکانی تەشریعی دروست دەبێت و کە ئەنجامەکەی هەستکردنە بە نادادپەروەریی و نایەکسانی.

بۆیە زەرووره چاو بەو جۆرە بیرکردنەوەیە تەسکەدا بخشێنینەوە لەو مەسەلانە و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی کەس و چین و پارتە دیاریکراوەکان وەلا بنێین، ئەگەر بەحەق بمانەوێت داو و دەزگای دەوڵەتی یاسا دابمەزرێنین و کۆمەڵگای مەدەنی بنیات بنێین و کەشێکی ئارام و شارستانیی و بۆ وڵات و هەرێمەکەمان چێ بکەین.